Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf2019-05

# کاریگەری دراما تەلەفزیۆنییەکان
# لە وێناکردنی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا

هەتاو حەمەساڵح حسێن

بەشی راگەیاندن // زانکۆی هەڵەبجە

**Article Info**

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2022

**Keywords**

کاریگەری میدیا، فیلم و دراما، وێنای ژن

**Corresponding Author**

hataw969@yahoo.com

پوختە

لەگەڵ پێشکەوتنی میدیا لە جیهانی ئەمڕۆدا دەرکەوتنی ژن زیادیکردووە، زۆرجاریش ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بەتایبەت لەناو فیلم و دراماکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی ژن هەمیشە جێگەی مشتومڕێکی زۆری لێکۆڵەرانی بواری میدیا و ڕەخنەگران و نوسەران بووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ ڕۆڵ و دەرکەوتنی ژن لە میدیایی کوردیدا دەکات. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی پێگە و ڕۆڵی ژنە لە دراماکاندا و زانینی کاریگەرییەکانی میدیایە لەسەر جەماوەر، دەپرسیت لەوەی ژن چ کەرەستە و بابەتێکی ڕاگەیاندنە و هەروەها لە چۆنێتی وێناکردنی ژن لە دراما تەلەفزیۆنییەکاکدا دەکۆڵێتەوە، پاشان باس لە کاریگەرییەکانی میدیا دەکات لەسەر کەسایەتی ژن کە زۆرجار بوونی وەک مرۆڤێکی سەربەست و سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیە پشتبەستێت بە میتۆدی ڕوپێوی، چونکە دەیەوێت کاریگەری دراما لە وێناکردنی کەسایەتی ژن لە میدیادا بخاتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسی لەناو جەماوەری گشتیدا بەکارهێنراوە، لە دەرئەنجامدا ئەم توێژینەوەیە گەیشتوەتە بەوەی کەوا میدیا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا زۆرەو ئەو وێنەیەی لە هزری خەڵکدا بۆ ژن درووستبووە وێنەیەکی نێگەتیفە.

## ١ .چوارچێوەی توێژینەوەکە

### ١.٢ کێشەی توێژینەوەکە

میدیای دیجیتاڵی بابەتی نوێیە و لەگەڵیشیدا کێشەی نوێی هێناوە، مەسەلەی ژن و دەرکەوتنی لە میدیادا جێی قسە مشتومری زۆرێك لە دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێکخراو و پەروەرشیاران و لیکۆڵەرانی سۆسیۆلۆجی و بواری میدیایە، ساڵانیکی زۆرە رەخنەی توند لەسەر ئەم بابەتە هەیە و توێژینەوە و کتێبی لەسەر دەردەکرێت، داکۆکیکارانی کێشەکانی ژن کۆنگرەی ناوخۆیی و جیهانی بۆ دەگرن و چەندین رێگەچارە بۆ کێشەکان دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

دەوترێت نمایشکردنی ژن لە فیلم و دراماکاندا بوەتە مایەی شکاندنی کەسایەتی، چونکە وەک مرۆڤیکی سەربەخۆ و تەواو سەیر ناکرێت، بۆ نمونە لە دەرکەوتنەکاندا رۆڵی کەسایەتیەکی کەمی پێدەدرێت، بەو واتایەی فیلم و دراماکان کەسایەتی ژنیان سووک کردووە و زیاتر بۆ مەبەستی چێژ و وروژاندن بەکاریدەهێنن، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار بەشێوەیەکی چەواشەکار دەردەکەویت و گوزارشت لە خودی راستەقینەی خۆی ناکات، واتە وەک مرۆڤیکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ کەسێتی ژندا ناکرێت، بەڵکو تەنها وەک دروستکراوێکی جوان و سەرنج راکێش دادەنرێت، میدیا وێنەکی ئەفسانەیی بۆ ژن لە مێشکی خەڵکدا بە تایبەت پیاواندا دروستکردووە، ئەمەش کێشەی لە کۆمەڵگە و لەناو خێزانەکاندا زیاتر دروستکردووە (جابر، ٢٠١٥؛ عمارە ٢٠٠٨).

ئاشکرایە میدیا توانایەکی گەورەی هەیە بۆ گۆڕین و دارشتنەوەی بیری کۆمەڵگە کەواتە دەکرێت میدیا بەکاربهێنرت بۆ گۆڕینی زۆر داب و نەریتی بیروبۆچوونی نەشیاو لە کۆمەڵگەدا بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندی بە ژنەوە هەیە، دەکرێت لە رێگەی بەرنامەی هوشیاری و فیلم و درامای بەهێزەوە مافەکانی ژن و بخرێتە روو، بە چیرۆکی بەهێز کە بینەری زۆری هەبێت چارەسەرەی کێشە گەورەکانی بواری ژن و خێزان کۆمەڵگە بکرێت.

ئەمرۆ لەگەڵ ئەو پیشکەوتنە گەورانەی کە فیلم و دراما بەخۆیانەوە بینیوە هێشتا بەرهەمهێنەرانی ئەو بوارە زۆر بیریان لەکارێکی لەو جۆرە نەکردوەتەوە، تاوەکو ئێستا زۆر کار لەسەر بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا نەکراوە، بەڵکو ئەوەی لە بواری دۆزی ژندا لە میدیادا دەبینرێت بەپێچەوانەوەیە، زۆرجاریش هەموو ئەو هەوڵانەی کەژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان داویانە یان بە شێوەیەکی گاڵتەئامیز خراوەتەرو و یان جەخت لەسەر نائاکامی هەوڵەکان کراوەتەوە .

تەنانەت ئەو وتەیەی کە دەڵێت هونەر رەنگدەرەوەی کۆمەڵگایە کاری پێنەکراوە، چونکە بە پێی ئامارەکان ژنان زۆر هەنگاویان لە بواری زانستی ئیداری تەنانەت سیاسەتیشدا ناوە بەڵام لە فیلم دراماکاندا هەرهەمان ئەو وێنە کۆنەی پێدەریت کە دەیان ساڵ لەمەوبەر هەیبووە، بۆ نمونە ژنی لاواز و بێدەسەلات وبێ مێشك لەناو دراماکاندا زۆر زۆرە لە کاتێکدا ژن لە زۆر بواردا هەنگاوی ناوە و توانیویەتی ئەو قۆناغە تێپەرێنێت.

### ١.٢ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە و بایەخی بۆ سەر زانستی و ئەکادیمی میدیا بریتیە لە:

١. لەم توێژینەوەیەدا فۆکەس لەسەر کاریگەری دراماکان (لۆکاڵی و دۆبلاژکراو) کراوە، توێژەر دەیەوێت بگات بەوەی ئایا پەخشکردنی دراماکان چ وێنەیەکی بۆ ژن لەناو کۆمەڵگەدا دروستکردووە.

٢. ئەم توێژینەوەیە دەکۆڵێتەوە لەوەی تا چ رادەیەک فیلم دراماکانی ناو کەناڵە کوردیەکان رەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگای کوردییە و تا چەند پێگەی ژنی لەناو کۆمەڵگادا بەهێز کردووە.

٣. ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەر دەخاتەروو، بەپێی توێژینەوەکانی پێشوو دەرکەوتوە پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان میدیاو خەڵکدا هەیە ، واتە هێندەی زۆری بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن و تەکنەلۆژیا لەلایەن جەماوەرەوە کاریگەریەکانیشی زیاد دەکات، ئێستا هەر لە منداڵێکی تەمەن ٣ ساڵییەوە تاوەکو کەسێکی بەتەمەنی ٨٠ ساڵی بەشێوەیەکی کەم تازۆر ئالوودەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای میدیایی بووە، کەواتە گرنگە پسپۆرانی بواری میدیا ئەم بابەتە فەرامۆش نەکەن و بەردوام بە توێژینەوە دەرئەنجامی نوێ پێشکەش بە کتێبخانەو زانکۆکانی کوردستان بکەن.

٤. لەرووی پەروەردەوە ئاشکرایە کە میدیا بووەتە ئامرازێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگا، پێشتر دەوترا پەروەردە لەناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگادا دروست دەبێت بەڵام ئێستا میدیا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەوەر کەوتوەتە پێش هەموو ئەوانەوەو رکابەریی هەرسێکیان دەکات، لەگەڵ پێشکەوتنە بەهێز و خێراکانی تەکنەلۆژیای میدیای ئەمرۆدا ،کاریگەرییە بەهێزەکانیشی رۆژبەرۆژ لە زۆربوندایە، ئەگەر جاران هاوڵاتی سەیرکردنی زنجیرە درامایەک یان هەر بەرنامەیەکی لە شەوورۆژێکدا لە چەند کاتژمێرێکدا بۆ رەخسابێت و ئێستا و لەگەڵ هەماهەنگی هەریەکە لە بەرهەمەکانی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت رادەی ئالوودە بوون بە میدیاوە زیاتربووە، هاتنە کایەی کەناڵی سەتەلایت کە بە شێوەیەکی ٢٤ کاتژمێری کەناڵی تایبەت بە فیلم و دراما بەرهەمی خۆی پەخشدەکات بەهەمانشێوە کاریگەرییەکانی میدیای زیاد کردووە.

٥. ئەم توێژینەوەیە گرنگی ئەوتۆی هەیە چونکە بە سەربوردێکی خێرا بەناو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوردییدا دەردەکەوێت کە ئاستی بەرهەمی درامای کوردی لەچاو بەرهەمە هاوردەکاندا زۆر کەمە، دەبوو کاتێك باس لەکاریگەری دراما لەسەر جەماوەر دەکەین زیاتر باس لە درامای ناوخۆیی بکەین، بەڵام

بەهۆی هەژاری کورد لەبەرهەمهێنانی دراماو سینەمادا ناچاربووین ئاماژە بە فیلمە هاوردە دۆبلاژکراوەکانی وڵاتانی دەوروبەر لە عەرەبی و تورکی و فارسی بکەین.

٦. ئەم توێژەنەوەیە ئاماژە بەمەترسی زۆری پەخشکردنی فیلمە دۆبلاژکراوەکانی وڵاتانی دراوسێ دەکات بەوەی کە هۆکارێکە بۆ زاڵکردنی کلتوری وڵاتی بەرهەمهێنەر، زۆرجار بەرهەمی درامایی کاریگەری قوڵ و راستەوخۆی لەسەر خەڵك بەجێدەهێڵێت و مەترسی لەسەر سڕینەوەی کلتور و رۆشبیریی نەتەوەیی دەبێت، واتە جۆرە داگیرکارییەکی تر هاتۆتە کایەوە کە مەترسییەکەی لە داگیرکردنی سەربازی کەمتر نیە. بەتایبەت هاوردەکردنی بەرهەمی وڵاتانی دراوسێ چونکە کاریگەریی ئەوان زیاترە، بۆ نمونە ئەوەندەی درامایەکی تورکی کاریگەری لەسەر بینەرێکی کورد بەجێدەهێڵێت ، هەرگیز فیلمێکی ئەوروپی یان ئەمریکی ئەو کاریگەرییەی نابێت لەبەر هۆکاری نزیکی داب نەریت و زمان و رەنگ و شوێنی جوگرافی.

٧. لەکۆتاییدا، کەمی توێژینەوەی میدیایی بەتایبەت سەبارەت بە سۆسیۆلۆژیای میدیا گاپی لەناو خوێندنی میدیایی و کتێبخانەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا دروستکردووە، کەواتە گرنگە نوسین و توێژینەوە لەم بوارەدا زیاتر بکرێت.

## ١.٣ پرسیاری توێژینەوەکە

بەگشتی پرسیاری ئەم توێژینەوەیە برتییە لە:

١. ئایا میدیا سەرکەوتوو بووە لە وێناکردنی ژن وەک خۆی یان زیاتر مەبەستی بووە وەک کەرەستەیەکی جوانی و سێکس و وروژاندن بەرجەستەی بکات؟

٢. ئایا میدیا چ کاریگەرییەکی لەسەر تێروانینی خەڵکی بۆ ژن هەبووە؟ ئایا وێنای ژنی لاواز یان بەهێز کردووە لەناو کۆمەڵگادا؟

## ١.٤ میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ زانینی کاریگەری گشتی دراما تەلەفزیۆنییەکان لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی تایبەت بۆ ژن لە کۆمەڵگادا، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی لەجۆری روپێوی بەکارهێناوە، هەروەها کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەی مەیدانی بریتی بووە لە فۆرمی راپرسی، میتۆدی روپێوی بەشێوەیەکی زۆر لەبواری میدیایی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت (Singleton & Straits ، ٢٠٠٩)

## ١.٥ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە جەماوەری گشتی، توێژەر بۆ زانینی کاریگەری میدیا لەناو کۆمەڵگادا بە شێوەی هەرەمەکی رێکخراو سامپڵی لە چینەکانی کۆمەڵ (ژن، پیاو، تەمەندار، گەنج، خوێندکار) وەگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە ١٥٠ فۆرمی راپرسی بەشێوەی ئۆنلاین گۆگل فۆرم دابەشکراوە .

## ٢ -لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢.١ تیۆرییەکانی کاریگەریی میدیا

ئەم تیۆریانە روونی دەکەنەوە کەوا میدیا خاوەنی هەژموونێکی ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانێت وێنەو وێنای شتەکان لای جەماوەر ئاوەژووبکات، ئەم تیۆریانە بە ئاشکرا دەڵێن ئەو بابەتانەی روودەدەن هەمان ئەو وێنانە نین کە میدیا دروستی دەکات، زۆرجار شتێکی ناپەسەند جواندەکرێت و ئەوەی جوانە بێزراو دەکرێت و وێنای نوێی بۆ درووست دەکرێت.

ئەو تیۆرییانەی بە گشتی باسی کاریگەری میدیا لەسەر جەماوەر دەکەن، بریتین لە:

- تیۆری گولەی سیحریMagic Bullet Theory

ئەم تیۆریە زیاتر کار لەسەر بنەمای دەروونناسی و کۆمەڵناسی و شیکردنەوە دەروونیەکان دەکات، میدیا بە پێی ئەم تیۆریە وەك گولە مێشکی جەماوەر دەبڕێت و تیایدا جێگیر دەبێت، ئەم تیۆریە زیاتر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و نێوان هەردوو دوو جەنگی یەکەم دووەمدا کاری پێدەکرا، چونکە لەو کاتەدا ئامرازەکانی راگەیاندن کاریان بۆ دەسەڵات دەکرد و خەڵکی تەنها لەرێگەی میدیای دەسەڵاتەوە هەواڵی وەردەگرت و، ژمارەی میدیاکان لەهەر وڵاتێکدا بەپەنجەی دەست دەژمێردرا، هەربۆیە دەسەڵات دەیتوانی ئاراستەی خەڵك بەئاسانی بگۆڕێت. بۆ نمونە لەماوەی ئەو دوو جەنگەدا هەر یەکە لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا زۆر بە ئاسانی خەڵکەکەیان بێهۆشکردبوو بە دووبارەکردنەوەی درووشمی جەنگ و فیداکاری و سەروەری، هەرچەندە زاناکان لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بروایان وابوو ئەم تیۆریە کاریگەری کەمبووەتەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ زۆربوونی میدیای جۆراوجۆر (تقلیدیی و نوێ) کاریگەرییەکانی میدیا وەك گولەی سیحری

هاتووەتەوە، چونکە دووبارە بوونەوەی هەواڵێك لەچەند دەزگایەکی جیاوازەوە بابەتەکان وەك گولە مێشکی جەماوەر دەبڕێت و جێگیر دەبێت (McQuail, D., 2010; Christians, C.G., 2009; McCombs, M.E., and Shaw, D.L., 1972).

- تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن Uses and Gratifications Theory

ئەم تیۆریەش بەهەمان شێوە باس لە کاریگەریەکانی راگەیاندن دەکات لەسەر جەماوەر بەڵام ئەمەیان وەك گولەی سیحری نیە بۆ ئەوەی جەماوەر بیەوێت ئاراستەی بکرێت، بەڵکو خەڵك خۆی بە شوێنیدا دەگەرێت و سێرچی بۆ دەکات، خەڵك پێویستی پێیەتی و دەیەوێت پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵاتی و سیاسیەکانی خۆی پێپڕبکاتەوە، بۆ نمونە گەران بۆ فیلمێك یان زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی، بەهەمانشێوە گوێگرتن لە گۆرانیەك یان تەنانەت سەیرکردنی هەواڵێك یان راپۆرتێکی بنکۆڵکاری و دۆکیومینتاری.(McQuail, D., 2010; Christians, C.G., 2009; McCombs, M.E., and Shaw, D.L., 1972)

- تێۆری چاندنی رۆشبیری Cultivation Theory

ئەم تیۆریە باس لە کاریگەرییە بەردەوامەکانی میدیا دەکات، بەڵام ئەمەشیان بەشێوەیەکی خێرا نابێت، ئەم تیۆریە دەڵێت ماوەیەکی دووردرێژ پێویستە تاوەکو وێنەیەك، باوەرێك، بیروبۆچونێك، بەرامبەر بە کەسێك، چینێک (بۆ نمونە ژن) یان دەزگایەك دروستدەکرێت، ئەم تیۆریە وەك گولە سیحریەکە نیە بەڵکو ئەم بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ کاریگەریەکان بەجێدەهێڵێت، لەم جۆرە راگەیاندنەدا زیاتر بە هۆی هونەر و گۆرانی و فیلم و دراماکانەوە، رۆشنبیری و کەڵچەری داب و نەریت و بەهاکانی میللەتێك، یان کۆمەڵگەیەك دەگۆرێت (McQuail, D., 2010; Christians, C.G., 2009; McCombs, M.E., and Shaw, D.L., 1972).

- تیۆری ئەجێندا سێتینگAgenda- Setting Theory

ئەم تیۆریە گرنگی دەدات بە پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەر و کاریگەریەکانی میدیا لەسەر جەماوەر، ئەم تیۆریە بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا دەڵێت ئێمە ئەجێندا بۆ جەماوەر رێکدەخەین، بەو بەهانەیەی میدیا ناتوانێت هەموو رووداوەکان و باسەکان لەیەك کاتدا پێشکەش بکات پێویستە بەرنامەرێژی بۆ بکرێت، کاتێك میدیاکار کاردەکات بۆ ئەوەی ریزبەندی بۆ گرنگی بابەتەکان بۆ جەماوەر بکات، لێرەدا شتی سەیروسەمەر دروستدەبێت، بۆ نمونە مەسەلەیەك کە شایەنی ئەوەندە قسە لەسەرکردن نیە دەیان پرۆگرامی بۆ دادەنرێت ، تاوەکو وای لێدێت دەبێتە جێگەی گرنگرپێدانی جەماوەر و خەڵکی پێوە سەرقاڵ دەکرێت، بەجۆریك کە ئاگایان لەمەسەلە گرنگەکان نەمێنێت واتە ئیهتماماتەکان بەلاڕێدا دەبرێن، هەر بەم جۆرەش میدیا بەرنامەرێژی خۆی هەیە بۆ دارشتنی بیروبۆچونێکی تایبەت بە ژن لە کۆمەڵگادا(McQuail, D., 2010; Christians, C.G., 2009; McCombs, M.E., and Shaw, D.L., 1972)

ئەو کاریگەریانەی کە دروست دەبن خاو و خێرای هەیە، دەشێت میدیا کار لەسەر هەریەك لەمانە کاربکات یان وەك گولەی سیحری یان وەك تیۆری چاندن (Cultivation Theory).

کەواتە بەپێی ئەم تیۆرتیانەی باسمان کرد دەتوانین کاریگەری میدیا لەسەر جەماوەر لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتبکەینەوە:

- میدیا کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ئاراستەی خەڵك هەیە، بە واتایەکی تر میدیا بە شێوەیەکی خیرا گۆرانکاری دروست دەکات وەک گولەی سیحری گۆرانکاری لە هەڵویست و ئاراستەدا دەکات، راگەیاندن زۆر بەئاسانی دەتوانێت تێروانین و ئاراستەی خەڵك لەماوەی شەورۆژێکدا بگۆریت کار لەسەر هەست و سۆزیش بکات، وەك خۆشەویستی و رق، قبوڵ و رەفز، تەنانەت دوژمنایەتی و مەیل دەشێت هەر لەرێی راگەیاندنەوە ئەنجام بدرێت، لێرەدا راگەیاندن کاریگەری تەواوی لەسەر هەڵویست و حوکمدانمان بەسەر شتەکاندا هەیە، ئیتر ئەوە بەرامبەر بە کەسێك، بیروباوەرێك، حیزبێك یان بەهایەك بێت.

- میدیا گۆرانکاری لە مەعریفەی خەڵكدا دەكات ئەمیان پرۆسەیەكی هێواشە و بە نەرمی كاریگەرییەكان بەجێدەهێڵێت، مەعریفە بریتیە لەكۆمەڵە زانیاریەكی كەڵەكەبوو كە خەڵكی لەرێگەی راگەیاندنەوە وەریدەگرێت و كاریكەری زۆریشی بەسەرەوە دروستدەكات، كاریگەری لەسەر مەعریفەی خەڵك لە كاریگەری سەر هەڵویست و ئاراستە گەورەترە و قووڵترە، لێرەدا راگەیاندن كاریگەرییەكان بەهۆی زۆر دووبارە كردنەوەی زاراوەكان، چیرۆكەكان، هەواڵەكان، بیرۆكەكان درووستدەكات، كاریگەریی لەسەر مەعریفە وەك گۆرانی هەڵویست نیە كە بەنەمانی هەڵمەتەكە ئەویش لابچێت بەڵكو بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ دەمێنێتەوە.
- میدیا گۆرانكاری لەبەهاكان و پەروەردەی ناو كۆمەڵگە دەكات، ئەمەیان پرۆسەیەكی گەورەترە كاری زۆری دەوی جاران دەوترا پەروەردە لە ماڵ و قوتابخانەوە كۆمەڵگە دەكرێت، ئێستا راگەیاندن رۆڵی زیاتری لەو سیانە هەیە .
- میدیا گۆرانكاری لە سلوكدا درووستدەكات، ئەمەیان كۆتا خاڵ كەوا ئایا میدیا كۆمەڵگەكی هۆشیارت بۆ درووست دەكات یان بێ ئاگا؟ گۆران لە سلوكدا تەنها بەیەك هۆكار نابێت و بەئاسانی نابێت (الشميمري، ٢٠١٠).

### ٢.٢ كاریگەری میدیا –تەلەفزیۆن

دەوترێت سەردەمی تەلەفزیۆنیش بە هاوشێوەی رۆژنامە خەریکە بەسەردەچێت بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت ئەوەی ئێستا لە ناوەرۆکی ئینتەرنتیت مۆبایلی زیرەکەکاندا هەیە وەک فیلم و دراما و گۆرانی بریتیە لە ناوەرۆکی تەلەفزیۆن، بە هەمانشێوە بڵاوکردنەوەی هەواڵ زانیاری گشتی بریتیە ناوەرۆکی رۆژنامە، تازەترین باسێک کە ئێستا لە خوێندنی میدیای و پەیپەرە نوێکاندا هەیە زاراوەی Media Convergence واتە بوونی کوتلەیەکی میدیایی کە هەموو جۆرەکانی میدیا لە خۆبگرێت، میدیا کۆنفێرجێنسی باس لەوە دەکات هەموو دەزگایەکی میدیایی چۆن بتوانێت ناوەرۆکی بابەتەکان بەناو جۆرەکانی میدیا گوزەربکات، لە ئێستادا لەدەزگا میدیاییەکاندا کار بەمجۆرە دەکرێت، بەرنامەکان راستەوخۆ دەگوێزرێنەوە بۆ سۆشیال میدیا یان یوتیوب، هەروەها یەک بەیەک زنجیرە دراماکان راستەوخۆ لە کاتی پەخشکردنی تەلەفزیۆنیدا شێردەکرێن. لە دنیای ئەمرۆدا بوونی میدیا کۆنفێرجێنسی وایکردووە میدیا جەماوەرەکەی هەرگیز لە دەست دەرنەچێت بەمانایەکی تر راکردن لەدەست میدیا نیە، جاران ئەگەر کەسێک فریای سەیرکردنی زنجیرەیەک نەکەوتایە دەرۆیشت و لەدەستی دەرئەچوو، خۆ ئەگەر چەند جارێک ئەمە دوبارە ببوایەتەوە ئیتر زۆر مەیلی لەسەر بینینی دراماکە نەدەما، بەڵام ئێستا بەم پێشکەوتنە میدیاییە زەبەلاحە دەکرێت زنجیرە دراماییەکان و هەموو بەرنامەکان بەسەریەکەوە سەیربکرێت، کەواتە ئیستا کاریگەرییەکان چەندین جار زیادی کردووە.(Meikle & Young,2011)

### ٢.٣ فیلم و دراما وەک داگیرکارێکی مۆدێرن

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە جۆری جەنگەکان لە سەربازییەوە بۆ جۆریکی نوێ گۆردرا ئەویش داگیرکاریە لە رێی میدیا و بە تایبەت لە رێگەی فیلم و دراماکانەوە، داگیرکارییەکانی پێشوو خەڵک بەرەنگاری دەبونەوە و لە دژی دەوەستان بەڵام ئەمەیان خەڵک خۆی بەئارەزوومەندانە وەریدەگرێت و کات وهێزو تواناو بیرهۆشی خۆی پێدەدات، لە دنیای ئەمرۆدا هەندی وڵات بوونەتە داگیرکەری هەموو جیهان و لەرێی میدیاوە دەیانەوێت کلتور وداب و نەرێتی تەنانەت مێژووی خۆشیان بەسەر میللەتانی تردا زاڵبکەن، ئەوان دەتوانن تەنانەت شێوازو جۆری هەڵسوکەت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەش دیاری بکەن، ئەمرۆ خاوەنی میدیا زەبەلاحەکان هەژموونی خۆیان بەسەر لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵگەیی هەموو جیهاندا هەیە (إبراهيم، ٢٠١٤).

چەند وڵاتیک لەئێستا ناوبانگی گەورەیان لە جیهانی سینەما و درامای تەلەفزیۆنیدا دروستکردووە، ئەمانەش وەک ئەمریکا بە پلەی یەکەم و پاشان تورکیا و هندستان و کۆریا و ئێران و لە ناو وڵاتانی عەرەبیشدا سوریا و میسر، ئەم وڵاتانە هەمیشە کێبڕکێ بۆ زیادکردنی بەرهەمی درامایی و سینەماییان دەکەن، چەندین کۆمپانیای گەورە پڕ قازانج هەیە کە دنیای میدیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەمان تەنها کاریان بەرێوەبردنی میدیایەکی سادە و ساکار نیە بەڵکو لە رێگەی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانەوە هەرچی بیانەوێت لە گۆرانکاری لە نێو میللەتانی جیهاندا جێبەجێی دەکەن، وەک لە تیۆرییەکانی کاریگەری میدیا باسمان کرد کەوا میدیا هەندێ لە کاریگەرییەکانی خێرایە و هەندێکی تریان بە نەرمی لەسەرخۆیی کار دەکەن و گۆران لە هەڵوێست، سلوک ، مەعریفەدا درووست دەکات.

لە دنیای ئەمرۆدا هیچ بەربەستێک نەماوە کە رێگری لە گەیشتنی ناوەرۆک مەغزای میدیادا بکات، ئێستا بە ئاسانی بەهۆی ئینتەرنیت و پێشتریش کەناڵی ئاسمانیەکانەوە بڵاوبونەوەی بەرهەمەکان وەک خێرایی تیشک دەرۆن .

لە ئێستادا دەسەڵاتی خاوەنی کۆمپانیا میدیاییە زەبەلاحەکان لە دەسەڵاتی سەرۆک و بەرپرسە گەورەکان زیاترە چونکە جڵەوی خەڵک و جەماوەر لە دەستی ئەواندایە وەک لە تیۆریی (Agenda Setting) باسمان کرد ئەوان بەهەرجۆرێک بیانەوێت دەتوانن بیرکردنەوەو ئاراستەی جەماوەر بگۆرن، بۆ نمونە لە ئەمریکا زۆر جار سیاسیەکان و کەسە بەناوبانگەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە پەیوەندیان لەگەڵ خاوەنی میدیاکاندا باش بێت و زۆر جاریش بۆ سەرخستن و یەکلاکردنەوەی کارەکانیان پەنا بۆ میدیا دەبەن تاوەکو لە رێ ریکلام یان فیلمێکەوە پشتگیری لە پرۆژەکانیان بکرێت (مراد، ٢٠١١).

### ٢.٤ کاریگەری دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

لە رووی بەرهەمی دراماوە تورکیا بە دووەم وڵات ئەژمار دەکرێت لە جیهانیدا، لەدوای ئەمریکا تورکیا زۆرترین قازانجی کردووە لەم رووەوە ساڵانە داهاتی هەناردەکردنی دراما تەلەفزیۆنیەکانی گەیشتوەتە نزیکی یەک ملیار دۆلاری ئەمەریکی ، لە پلانیدا هەیە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بگاتە پلەی یەکەم لە ئاستی جیهاندا. لەو درامایانەی کە زۆرتری بینەری تۆمار کردووە لە مێژووی درامای تورکیدا و لە ئاستی جیهانیدا درامای (حريم السلطان) کە باس لە سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان سلێمانی قانونی سوڵتانی عوسمانی دەکات، ئەم درامایە لە ٤٣ وڵات پەخشکراوە، لە مێژووی تەلەفزیۆنی تورکیدا بە گرانترین بەرهەمی تەلەفزیۆنی تورکی وەسف دەکرێت، زیاد لە ٢٠٠ ملیۆن کەس تەماشای ئەم درامایەیان کردووەو نرخی تەنها هەر یەک بەشی دراماکە گەشتە ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی (قادر، ٢٠١٩).

بەرهەمهێنانی فیلم و دراما بووەتە هۆی بەرەوپێشچونی ئابوری تورکیاو پەرەسەندنی کەرتی گەشتوگوزاری، ئەو ناوچانەی کە فیلم و دراماکانیان لێ بەرهەمهێنراوان بوونەتە ناوچەی گەشتیاری جیهانی رێژەی پەرەسەندنی گەشتیاریان بۆ ٪٣٠٠ زیادیکردووە (قادر، ٢٠١٩)، لەم چەند ساڵانەی دواییدا تورکیا بەهۆی فیلم و دراماکانەوە داهاتی گەشتیاریی بەرزبوەتەوە چونکە جەماوەری ئەو درامایانە ویستویانە سەردانی راستەوخۆی هەموو ئەو شوێنانە بکەن کە دراماکانی تێدا دەرچوون یان باسیان کردوون، نمونەش بۆ ئەمە کۆشکەکانی سوڵتان سولەیمانی قانونی و هەروەها ئەو کۆشک و ڤێلایانەی کە دراما بەناوبانگاکانی لێ بەرهەمهێنراون وەک دارامای نوور.(Hamasaed, 2011)

وەک باسمان کرد ئێستا دەسەڵاتی میدیا بەسەر جیهاندا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە زۆر دیارە، هەر لەرێگای میدیاوە داگیرکاری ئابوریش دەستپێکردووە ، ئیستا براندەکانی ئەمریکی و ئەوروپی تورکی باشترین رەواجیان پەیداکردووە، ئەمەش یان بەهۆی بەکارهێنانی شمەکی بیانییە لەنێو ئەستێرەکانی سینەمادا یان ریکلامی میدیاییەوە، ئێستا ستایل و شێوازی ژیان و تەنانەت سلوک هەڵسوکەوتی ئەوان هاتۆتە ناو ژیانی ئێمەشەوە و دەرچون لێی ئەستەمە، بۆ نمونە لە ستایلی ئیستای کوردستاندا نەک هەر بە تەنها پۆشاک و شمەکمان بوەتە هی تورک ، بەڵکو مۆبیلیاتی ناوماڵەکانیش هەمووی بووەتە مۆدێلی تورکیا، ئەمە هەر بۆ کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەراست نیە بەڵکو وڵاتانی ئەوروپاشی گرتوەتەوە، پیشەسازی تورکیا بە چەندین قات زیادیکردووە، بێگومان فاکتەرێکی هەرە گەورەی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ رۆڵ و نمایشکردنی جلو بەرگ و کاڵایانە لە نێو فیلم دراماکاندا کە لە لایەن ئەکتەرەکانەوە بەکاردەهێنرێن، کەواتە لەم جۆرە داگیرکاریەدا هێزی سەربازی پێویست نیە بەڵکو بەئاسانی میللەتان و وڵاتانیان بۆ فەراهەم بووە (إبراهيم، ٢٠١٤).

بەپێی ئامارەکان رێژەی زۆری هەناردەکراوی فیلم و درامای تورکی بۆ تەلەفزیۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی وڵاتە عەرەبیەکان زۆر زۆرە ، بۆ نمونە لە توێژینەوەیاکدا دەرکەوتووە کە عێراق پشکی شێری هەیە لە تەماشاکردنی دراما تورکییەکان بەرێژەی ٩٧% هاوڵاتیانی عێراق تەماشای دراما تورکییەکان دەکەن ، بە گشتی لەسەر ئاستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەرستیش ٧٨% هاوڵاتیان بە لایەنی کەمەوە تەماشای درامایەکی تورکییان کردووە (قادر، ٢٠١٩).

### ٢.٥ کاریگەری ناوەرۆکی دراما تەلەفزیۆنییەکان لەسەر ژن و کۆمەڵگە

وەک لە پێشەکیدا باسمان کرد بەرهەمهێنانی کوردی لە بواری دراما و سینەمادا هێندە هەژارە ناتوانین بیکەینە پێوەرێکی سەرەکی بۆ ئەم باسەمان ، چونکە کاتێک باس لە کاریگەری فیلم و دراما دەکرێت زیاتر دەبێت فۆکەسی زۆر لەسەر بری بەردەوامی زۆری بەکارهێنان و سەیرکردنی ئەو بەرهەمانە لە لایەن جەماوەرەوە بکرێت، بەڵام گەر بەراوردیکی خێرا لەسەر رێژەی بەرهەمە لۆکاڵیەکان وهاوەردەکاندا لە کەناڵێکی ئاسمانی و ناوخۆییەکانی کوردستاندا بکەین ئاوا جیاوازییەکان زۆر دیارن، بەپێی راپۆرتێکی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ تەنها لە ٪١ درامای تەلەفزیۆنە کوردیەکان بەرهەمی کوردی وخۆماڵین، رۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام زنجیرە درامای تورکی، فارسی، ئینگلیزی، هیندی، کۆری پەخشدەکرێت لەگەڵ شەوانە فیلمی بیانیدا، لە بەرامبەر ئەمانەدا تەنها لە رەمەزاندا بەرهەمێکی نوێی کوردی دەبینین.

کاتێک سەرنجی بەرهەمە هاوردە دۆبلاژکراوەکان دەدەین زیاتر دەبینین خۆی لە بەرهەمی تورکی و ئێرانی و کۆری و هیندی هەندێ جاریش ئینگلیزی دەبینێتەوە، بە سەیرکردنیکی خێراش دەبینین درامای تورکی لەپێش هەمویانەوەیە، کەناڵە کوردییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاتژمێر شەش و حەوتی ئێوارەوە تا دوای دوانزەی شەو کە بە کاتی زێرین دادەنرێت ئەم درامایانە پەخشدەکەن، کەواتە ئەو درامایانە کاریگەری گەورەیان دەبێ چونکە بە گشتی ئەو کاتانە خەڵک لە کارەکانی بوەتەوە و ئامادەیی بۆ وەرگرتن هەیە .

وەک باسمان کرد عێراق لە پێش هەموانەوەیە ئەمەش وەک دیارە کاریگەری نزیکی رۆڵی گەورەی هەبووە ، کەواتە دەبێت پەرەسەندنی درامای تورکی هۆکاری خۆی هەبێت، ئەوەی درامای تورکی رەواج پێداوە لە کوردستان و وڵاتە عەرەبیەکاندا چیرۆک و سیناریۆکانی درامای تورکییە، بەشێوەیەکی گشتی درامای تورکی رەنگدەرەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی دراوسێیەتی بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست، وەک لێکچوونی ئایین و داب و نەریت، شێوازی ژیان، ژن و ژنخوازی، لە لایەکی دیکەشەوە داهێنانی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیدا تەوژمی نزیکبوونەوەی کلتورەکان زیاد بوو لە هەموو جیهاندا.

درامای تورکی هەروەها زۆر بە قوڵی دراسەی سایکۆلۆژیای جەماوەریان کردووە هەر لە هەڵبژاردنی ئەکتەرو هونەرمەندەکانەوە کە کێبرکێیەکی گەورە هەیە لە دیاریکردنی جوانترین و سەرنجراکێشترین و بە جەماوەریترین ئەکتەر، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە چیرۆک و سیناریۆی دراماکان بەهەمان شێوە زۆر زیندووە. لە هەمووی گرنگتر، بەشێوەیەکی تایبەت رەواجی ئەو درامایانە دەگەرێتەوە بۆ سیناریۆ گەرم و وروژێنەرەکان، بەشێکی زۆری دراماکان گەر نەڵێم هەمووی باس لە کێشەی خێزان و خۆشەویستی کچ و کوڕ بەشێوەیەکی سەرنج راکێش دەکات، گرفتی ئەم درامایانە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی ناواقعی و نائاسایی سیناریۆی ئەو پەیوەندیانە دادەنێت، بۆ نمونە زۆرجار باس لە دروستکردنی پەیوەندی گەرمی سۆزداری لە نێوان کچ و کورێك دەکات کە خۆیان هاوسەردارن یان پەیوەندی نا مەشروع وەک بوونی پەیوەندی سێکسی خەسو و زاوا کورو باوەژن ..... هتد. ئەمانە بە ئاشکرا لە ناونیشانی دراماکاندا دەردەکەوێت وەک ناونیشانی عەشقی حەرام، لەناو سیناریۆکاندا ئەبینین جیابوونەوەی ژن و مێرد زۆر باوە و ئاسانە، پاشان باسێکی زۆرو زەبەندەی خیانەتی نێوان خۆشەویستان هەیە، دوبارەبونەوەی پەیوەندی ژنی هاوسەردار بە پێچەوانەشەوە کێشەی زۆر لەناو خێزانەکاندا دروستکردووە، لە راستیدا ئەم جۆرە کەیسانە لە واقعدا ژمارەیەکی دەگمەن بوون لەناو کۆمەڵگادا بەڵام بەهۆی زۆر زەق کردنەوەی لە فیلم و دراماکاندا رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندایە، لە ساڵانی پێشودا بەر لە لێشاوی دراماکان بۆ کوردستان بۆ نمونە کەیسی تەڵاقدان و خیانەتی هاوسەران لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر کەمبوون کەچی ئێستا لە سادەترین بەرکەوتندا، کێشەکانی تەڵاق و جیابوونەوە روودەدات، لەمەش خراپتر زۆرجار دراماکان بۆ ئەم کێشانە چارەسەری مەترسیدار دەخەنە روو ، بۆ نمونە کچ زۆرجار وەک کەسێک کە بووەتە قوربانی مەسەلەیەک خۆی دەکوژێت، یان یەکێک لە هاوسەرەکان دەست دەداتە دەمانچە ئەوی دیکە دەکوژێت، بۆیە دەبینین مەسەلەی خۆکوشتن و رشتنی خوێن بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

ئاشکرایە دوبارەبوونەوەی دراماکان تەماشاکردن و ئالوودەبوون پێیانەوە کاریگەری دروستدەکات، (دراماکان زۆر دورودرێژن هەندێکیان دوو هەزار ئەڵقەیە و هەریەکە لە ئەڵقەکانیش لە کەناڵە ئاسمانیەکانیشدا دوبارە دەکرێنەوە زۆر کەس دووبارەکانیش تەماشا دەکاتەوە)، هەموو ئەو چیرۆک و سیناریۆیانەی لە فیلم دراماکاندا هەیە بە تێپەربوونی کات دەبێتە شتێکی ئاسایی و خەڵکی لاسایی دەکەنەوە، هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دەیبینن دەبێتە رێنماییکاری کردەوەی نوێ زۆرجاریش ئەو هەڵسوکەوتانە نامۆیە بە تەواوی میللەت و مرۆڤەکان (إبراهیم، ٢٠١٤؛ عمار، ٢٠٠٨).

## ٢.٦ وێنای ژن لە دراماکاندا

وێنا واتە دروستکردنی بیرۆکەیەک یان بۆچونێك بەرامبەر شتێك لە مێشك و زەینی جەماوەردا، دەکرێت ئەو وێنەیە ئەرینی بێت یان نەرینی، گرنگ ئەوەیە کە وێنەکە گشتی دەبێت و زۆرجار کۆدەدنگی لەسەر دروستدەبێت، لەم توێژینەوەیەدا باس دەکەین ئایا میدیا بە گشتی و فیلم ودراماکان بەتایبەت چ بۆچونێکیان لەلای جەماوەر بەرامبەر بە ژن دروستکردووە (سمیسم، ٢٠٠٩).


گەر سەیرێکی ئامادەبوونی ئافرەت لەنێو هونەردا بکەین دەبینین ئامادەبییەکی ئێجگار زۆری هەیە، بەڵام هەموو ئەو ئامادەبوونە بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ ئافرەت و رۆڵی لەکۆمەڵگەدا هەژمار ناکرێت، توێژنەوەکانی پێشوو ئەوە دەخەنە روو کە ژن لە نێو فیلم و درامادا وێنەیەکی نەرێنی هەیە ، چونکە بەگشتی ئەو رۆڵانەی ژن دەیبینێت یان لە رۆڵی وروژاندن چێژدا خۆی دەبینێتەوە، یان نمایشی چینێکی لاوازی ناو کۆمەڵگایە، هەرچەندە لەم رووەوە بەدەیان و سەدان رەخنە لە رۆڵی سەلبی ژن لە سینەما و دراماکاندا گیراوە، بەڵام تائێستاش و رۆژبەرۆژ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە لەزیاد بووندایە و گرنگی بەو هاوار و رەخنانە نادرێت، چونکە ئامانج لەبەرهەمهێنانی ئەم جۆرە درامایانەدا بازارگەرمییە، ئاشکرایە تاوەکو سێنسی وروژێنەر و جەستە زیاتربێت، فیلمەکە پرفرۆشتر دەبێت. بێگومان لەم رووەشەوە زۆرترین رەخنە ئاراستەی سینەمای تورکی و میسری کراوە، بۆ نمونە لەسەر سینەمای عەرەبی ٢٣ توێژینەوە کراوە، لە کۆتاییدا دەرکەووتووە هەموو ئەو فیلم و درامایانەی پێشکەش دەکرێن لە ٧٨% کاریگەری نیگەتیفی هەبووە لەسەر ژن و وێنەی ژن لە کۆمەڵگەدا، سەرەرای ئەوەش زیادەرۆیی کراوە لەخستنەرووی توندو تیژی بەتایبەت توندوتیژی سێکسی، کەئەمەش ئاسەوارێکی زۆر خراپی لەسەر کچان و ژنان دەبێت و زیاتر بێ متمانەییان لا درووستدەکات، بەجۆریك کەوا بزانیت هەرچی لەدەرەوەیە هەموو لە مەڵاستدان بۆ ئەوان وەك ئەوەی لە فیلمەکاندا دەردەکەوێت (ناهد رمزی ، ٢٠٠١).

## ٣ -لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە


ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێک بۆ رۆڵی ژن لە فیلم و درامادا و کاریگەری میدیا لە کۆمەڵگەدا دەکات، وەک لە لایەنی تیۆری و پێشەکییدا باسمان کرد فیلم و دراماکان وەك گەورەترین ئامرازی کاریگەربی دادەنرێن و توانایەکی باشیان هەیە لەئاڵوگۆرکردنی کلتوری نەتەوە جیاوازەکان بەیەکتر، بەهۆی ئەوانەوە خەڵکی ئەمرۆ شارەزای زۆرێك لە کلتور و زمان و هەڵسوکەوتی یەکتربوون، باسەکە لێرەدا ئەوەیە تا چەند تەلەفزیۆنە کوردیەکان سەرکەوتوو بوون لە هاوردەکردنی ئەو فیلم و درامایانەی کە لەگەڵ کلتورو دابونەرێتی کوردیدا هەمانگە و رۆڵ و کەسێتی ژن تیایدا پارێزراوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە هەستاوە بە ئەنجامدانی راپرسی لە ناو جەماوەر بە گشتی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، راپرسیەکەی بەشێوەی گۆگل ئۆنلاین ئەنجامداوەو ١٥٠ فۆرم لەناو کوردستاندا دابەشکردووە و لەکۆی ئەو ژمارەیە ١٠٦ وەڵامی بەدەستگەیشتوەتەوە.
وەڵامی سامپلی توێژینەوەکە

چارتی ژمارە ١




چارتی ژمارە ٢





پێت وایە دراما و فیلمە جیهانییەکەن چەندە بوونەتە هۆکاری:


١. شەڕ و ناکۆکی خێزان
٢. هۆکاری جیابوەنەوەی ژن و مێرد
٣. دروستبوونی پەیوەندی ناشەرعی لە دەرەوەی خێزان (خیانەتی هاوسەرێتی)
٤. بە کەم زانینی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا
٥. زیادبونی ترس لای ژن
٦. زیاد بوونی دڵەراوکێ لای ژن
٧. رازی نەبوون لە خۆی و لە جوانی خۆی
٨. زیادکردنی زیادەرەوی خەرجی لە جوانکاریدا
٩. زیادکردنی زیادەرەوی خەرجی ماڵ و خواردەمەنی

١٠. به لاریدابردنی بیرو هزری ژن بۆ شتی لاوەکی و گوێنەدات بە بابەتە گرنگەکان


چارتی ژمارە ٣




چارتی ژمارە ٤




چارتی ژمارە ٥



## ٤- شیکردنەوەی داتاکان

وەک باسمان کرد ئامانج لەم توێژینەوەیە کاریگەری درامای کوردی و جیهانیەکانە لەسەر وێناکردن و خستنەروی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا، پرسیار دەکات ئایا ژن چ کەرەستە و بابەتێکی راگەیاندنە و چۆن وێنا کراوە، ئایا ژن رۆلی کەسایەتی تەواوی خۆی دەبینێت یان زیاتر وەک کەرەستەیەک کە مەبەست لێی جوانی و چێژ و وروژاندن بێت بەکاردەهێنرێت، ئایا جەختکردنەوەی میدیا لەسەر رۆڵی ژن وەک شمەکێک چ کاریگەری نێگەتیفی لەسەر کەسایەتی ژن وەک مرۆڤێکی سەربەست سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا کردووە؟

پاش خستنەرووی داتاکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە میدیا بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ ژن و کۆمەڵگادا نەکردووە و زیادەرەوی لەلایەنی نەرێنی نواندنی کەسێتی ژندا کراوەو ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەش هەبووە.

بە پێی ئەو داتایانەی لەسەرەوە خرانەروو، کاری نەرێنی دراماکان لەسەر وێناکردنی ژن لە کۆمەڵگدا زۆر زۆرترە لە لایەنە ئەرێنیەکانی، جیاوازی رێژەکان زۆر بەروونی دەردەکەوێت و بەزۆری لایەنە ئەرێنیەکان لە دەوروبەی ٪٥ بۆ ٪٢٠ دەروات، بەڵام لایەنە نەرێنیەکانی دراماکان لە کەناڵە کوردیەکاندا زۆر بەرزە و زۆرینەی رێژەکەی لە نێوان ٧٠-٩٠٪.

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا، کە دەڵێت ئایا بە گشتی رۆڵ و دەرکەوتنی ژن لە فیلم و درامادا ئاسەواری ئەرێنی (ئیجابی) بۆ ژن زۆرتر بووە یان نەرێنی ؟ بەپێی داتاکان دەرکەوتووە کە نزیکی ٪٧٣ دەڵێن ژن بە شێوەیەکی نەرێنی لە فیلم دراماکاندا دەرکەوتووە.

لە پرسیاری دووەمدا، بۆ وەڵامی پرسیارەکان ئەم ٣ پێوەرە دیاریکرابوو (بەڵێ بەرێژەیەکی زۆر، بەڵێ بەڵام بە رێژەیەکی کەم، نەخێر نەبووە) و وەڵامەکان بەمجۆرەیە:

بۆ هەریەکە لەم پرسیارانە کە ئایا دراما و فیلمە جیهانییەکەن چەندە بوونەتە هۆکاری شەر و ناکۆکی خێزان، هۆکاری جیابوەنەوەی ژن و مێرد، دروستبوونی پەیوەندی ناشەرعی لە دەرەوەی خێزان (خیانەتی هاوسەرێتی)، رازی نەبوون لە خۆی و لە جوانی خۆی، زیادکردنی زیادەرەوی خەرجی لە جوانکاریدا، زیادکردنی زیادەرەوی خەرجی ماڵ و خواردەمەنی، بە لاریدابردنی بیرو هزری ژن بۆ شتی لاوەکی و گوێنەدات بە بابەتە گرنگەکان زۆرترین پشتگیری بۆ (بەڵێ بەرێژەیەکی زۆر) پاشان ئەوەشی کە ماوە هەر دەڵێن (بەڵێ بەڵام بە شێوەیەکی کەم)، تەنها هەندێکی زۆر کەم دەڵێن (نەخێر کاریگەری نەبووە) رێژەکانیان ٪٥ تێپەرناکات. هەرچێ ئەوانی ترە، واتە وەڵامی بەکەم زانینی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا، زیادبونی ترس لای ژن، زیاد بوونی دڵەراوکێ لای ژن، وەڵامی (بەڵێ بەرێژەیەکی زۆر) لە نێوان ٣٥-٤٥ ٪، رێژەی زۆرتر لەگەڵ کاریگەیین بەڵام بەشێوەیەکی کەم کە رێژەی (بەڵێ بەڵام بەرێژەیەکی کەم) لە نێوان ٣٥-٥٠٪ لە هەمان کاتدا رێژەی نەخێر هەر نزمە بەرِێژەی ١٧-٢٣٪ تێپەرناکات. سەیری چارتی ژمارە ٢ بکە.

دەربارى پرسیاری رۆڵی وروژێنەر، بۆ نمونە دەرخستنی جوانی و رۆلی کەسایەتی ژن وەک مرۆڤێکی ئاسایی، بەرێژەیەکی زۆرینەی گەورە ٪ ٨٨ بەشداربووەکان لەگەل ئەوەدا بوون کە ژن زیاتر رۆڵی وروژێنەر دەبینێت، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی ژن بەشێوەی ئاسایی خۆی دەرناکەوێت.

پرسیاری (ئایا ژن زۆرتر رۆڵی زۆر بڵێ "چەنەباز" یان هێمن دەبینێت) رای بەشداربوانی زۆر لەسەربوو، ، ٪٨٥ بەشداربووان دەڵێن (زۆربڵی) کەواتە ئەمەش یەکێکی تر لە لایەنە نەرێنیەکانی درامای کوردی سەبارەت بە وێناکردنی ژن دەخاتە روو. سەیر چارتی ژمارە ٣ بکە.

پرسیاری (ئایا ژن زیاتر وەک ساویلکەو خۆشباوەر دەرکەوتووە یا وەک کەسێکی بەهێز) زۆرینەی ٪٨١ دەڵێن ساویلکەو تەنها ٪١٩ دەڵێن بەهێز .

ئەوەی کە جێی تێرامانە لەپرسیاری رێژەی فەرمانبەرو ژنی ماڵەوە وەڵامەکان تارادەیەک نزیکبوون ئەویش بە رێژەی ٪ ٤٨ بۆ فەرمانبەر و ٪٤٢ بۆ ژنی ماڵەوە و بەڵام وەک رۆڵی ژنی سەرکردە لە دراماکاندا هەر کەمبوو، رێژەکەی ٪١١. هەروەها رۆڵی ژنی خوێندەوار و نەخوێندەواریش وەڵامەکان لایەنی ئەرێنی تێدا دەخوێنرێتەوە هەرچەندە رێژەی نەخوێندەوار هەر زۆرترە کە ٪ ٦٤ بەرامبەر بە ٪٣٦ بۆ خوێندەوار.

دەکرێت پۆلینی وێنەی نێگەتیفی ژن لە فیلم و دراماکاندا بەمجۆرەی خوارەوە بکەین:

- ژن زۆرجار وەک کەسێکی وروژێنەر دەردەکەوێت کە هەمیشە هەوڵ دەدات لە رێی جەستەوە پیاو رابکێشێت واتە بازرگانی بە جوانیەکانیەوە دەکات.
- ژن هەموو خەمی لە جوانی و قەد و باڵایدا کۆکردوەتەوە.
- ژن بەئەرک دەردەکەوێت بە مانایاکی تر بونەوەرێکی بەکاربەرە بەتایبەت لە جل و بەرگ جوانکاریدا، زۆر مەراقی بازارکردنیەتی، واتە بێ بەرهەمە.
- ژن کات زۆر بەفیرۆ دەدات لە خۆدەرخستن و خۆرازاندنەوە.
- کەسێکی زۆر بڵێ یە و قسەکانی زۆر بەسوود نین.
- خاوەنی فیکر و بۆچونی بەهێز نیە.
- توانای بەرێوەبردن و بەشداری کارای کۆمەڵگەی لە کاروباری گشتیدا نیە.
- ناتوانێت لە ناوەندی بریاردا بێت واتە هەمیشە وەک نمرە دوو سەیردەکرێت و چونکە توانای بیرکردەوەی ستراتیژو و پلانی نیە.

- ژن هەر بۆ منداڵ بوونە کاری تەنها رازی کردنی پیاو و منداڵەکانیەتی.
- لە رووی داراییەوە چاوی لە دەستی پیاوە.
- ژن کەسێکی هەڵچووە و نێگەتیفە.
- رۆڵی ژن زیاتر بۆ کاروباری ماڵەو وێنەی ژن لکاوە بە پاککردنەوە و چێشتلێنان و قاپ شتنە.
- ژن رارایە و خۆش باوەڕەوە، هەڵخەڵەتێنەرە، میزاجیە، خۆبەزل زانە، ترسنۆکە و خۆپەرستە.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی دراماکان لەسەر ژن و کۆمەڵگا

- بە لاڕێدابردنی بیرو هزری خەڵکی بۆ شتی لاوەکی و گوێنەدات بە بابەتە هەنووکەییەکان.
- زۆر دووبارە بوونەوەی سێنسی توندوتیژی بە جۆریك خەڵکی فێری توندوتیژی دەکات بە تایبەت بەرامبەر بە ژن.
- توشبوونی دڵەراوکێ لای ژنان بەتایبەت کچانی تازە پێگەیشتوو هەمیشە لەش ولاری خۆی بەراورد دەکات بە ئەکتەرانەی کە بۆ کاریان تەنها پیشاندانی جەستەیە.
- لاساییکردنەوەی هەڵس وکەوت تەنانەت شێوازی ئەکتەرکان و بۆ ئەم مەبەستەش ئەجامدانی چەندین نەشتەرگەری جۆراو جۆر تاوەکو شێوەو جەستەیان وەك ئەو ئەکتەرانەی لێبیت.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین ئەگەر بوویسترایە دەتوانرا بەهۆی فیلم و هونەر و دراما و سینەماوە کاری گەورە لەسەر پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا بکرێت، دەکرا فیلم و دراما بکرابا بە ئامرازێك بۆ گۆڕینی ئەو شێوە تەقلیدیەی کەئافرەتی پێ دەناسرێت و گۆڕانکاری لەو رێگەیەوە دەستەبەر بکرابایە، چونکە فیلم دراماکان ئێستا میوانی هەموو ماڵێکن و زۆرترین پێشوازیان لێدەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی فاکتەری قازانج و بزنس ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنەرانی فیلم و دراماکانە، رۆڵی ژن بەدرێژایی مێژووی فیلم و دراما لەخزمەت بەرەو پێشبردنی دۆزی ژندا نەبووە، کارەکان زۆرتر خۆی لەنمایشکردنی جەستە و وروژاندن و پاشان خستنەرووی واقعێکی دواکەوتووی ژندا بینیوەتەوە، ئێستا میدیاکان بەزۆری وەک بزنس کاردەکات، وەك دەبینین بەردەوام باس لە بڕی قازانجی فیلمەکان و رادەی بینەریان دەکرێت، گومانیشی تێدانیە کەفاکتەری وروژاندن و جەستەو ئەکشن هۆکاریکی گەورەن بۆ زیاتر رەواجی فیلمەکان، هەرچی دراماکانیشە هەمان ئامانجیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی دراماکان لەگەڵ واقعێکی دواکەوتووی کۆمەلگەدا کاردەکەن و بە شوێن مەیلی جەماوەرەن زیاتر سێنسی وروژێنەر کە ژن تیایدا پاڵەوانە دەخرێتەروو، بیر لە گۆرانکاری واقعی ژن نەکراوەتەوە، لەبری ئەوەی تەلەفزیون و سینەما شۆرشێکیان بۆ ژن درووست بکەن و رزگاری بکەن لەو شێوە نەمەتیە کەواقعی کۆمەلگە بەسەریدا چەسپاندووە، کەچی دەبینین زیاتر کار لەسەر زەقکردنەوەی دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەلگە دەکەن و وێنایەکی خراپتر بۆ ژن دروستدەکەن، زیاتر رۆڵی ژن بریتیە لەبوونی وەك کەسێکی ئاژاوەگێڕ ،چەنەباز، شاتەشاتکەر، بەکاربەر یان بابەتێك بۆ چێژ وروژاندن و جەستە، هەربەکە لەمانەش وێنەی لاوازی و بێ متمانەیی ژن دەردەخەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە میدیا هونەردا پەخشدەکرێت مەبەستی نیە واقع بگۆرێت و چاکسازی لەناو مەسەلەی ژندا دروستبکات بەڵکو تەنها نوێنەرایەتی سیستەمی ناو کۆمەڵگا دەکات زیاتر سەقەتی و دابونەریتە نەشیاوەکانی ناو کۆمەڵگا زەقتردەکاتەوە، ئەمەش نابەپرسیاری میدیای کوردی دەخاتەروو لە بەرامبەر کێشەی ژن و خێزان و کۆمەڵگە ، لەم بارەیەوە نوسەری ئەلمانی خاوەنی دکتۆرا جۆزێف گۆبلز وەزیری پروپاگەندە لە سەردەمی هیتلردا کە زۆر لە وتەکانی نوسراونەتەوەو لە دنیای راگەیاندندا کاریان پێدەکرێت ئاماژە بەم بۆچوونە دەدات و دەڵیت، "میدیایەکی بێ ویژدانم پێ بدەن، گەلێکی ناهۆشیارتان پێدەدەم، جۆزێف ئاماژە بە رۆڵی گەورەی میدیا دەکات لە دروستکردنی بنیادی فیکری و رۆشنبیری کۆمەڵگەدا دەڵێت میدیا دەتوانێت گەلێکی هۆشیار دروستبکات و دەشتوانێت چەواشەکار بێت جەماوەر بەلاڕێدا بەرێت، هەندێکجاریش توندرەوی لە ئاست سەرجەمی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بەژیانی رۆژانەوە دروستبکات.

دەرئەنجام

- راستە لەدوای راپەرین و بە تایبەت لە پاش رووخانی رژێمی بەعس لە کوردستاندا ئازادیی رادەربڕین و فراوانبوونی فەزای کاری میدیایی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گۆڕانکاریی گەورە هێشتا لە میدیا لە بە تایبەت لە بواری فیلم و درامادا دروستنەبووە و نەیتوانیوە بەپێی پێویست ئازاد و هاوسەنگ بێت.
- دراماکان بەزۆری کاریگەری نێگەتیفی لەسەر ژن دروستکردووە و زۆری ئەم جۆرە وێنایەی بۆ ژن لە کۆمەڵگادا، ئەگەر دەوترێت هونەر ئاوێنەو رنگدانەوەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا دەگوزەرێت لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا خستنەرووی بەرەوپێشچوونی ژندا لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ئەنجامیداوە

لەکوێیە؟ وەك دەبینرێت ژن لە زۆر بواردا، زانستی و پزیشکی و ئەندازیاری فێرکاری هەنگاوی باشی بریوە، بەڵام لە دراماکاندا نمایشکردنی ژنانی سەرکەوتوو خاوەن بروانامەو لەم نێوەندەدا تا رادەیەک ونە، وەک دیارە ژن بەپێی ئەو سەرکەوتنەی بواری زانستی لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی زۆر نەگۆرراوە، بۆنمونە لە رووی زانستیەوە ژنان هەنگاوی باشیان ناوە ئافرەتی دکتۆر و ئەندازیارو مامۆستا و پارێزەر هیچ رێژەیان لە پیاوان کەمترنیە ، بەڵام لەرووە کۆمەڵایەتیەکەوە گۆرانکاری کەم دەبینرێت، دەتوانین بڵێین وێناکردنی ژن بەمجۆرە لاوازەی کە لە فیلم و دراماکاندا هەیە کاریگەری گەورەی هەبووە، تێروانینی لاواز بۆ ژن تۆخ کردنەوەو کاریگەری هەبووە لەسەر کاری سیاسی و ئیداری ژناندا .

- بەشێوەیەکی گشتی ژن لە واقعدا لە ئاستێکی باشتردایە وەک لەوەی لە دراماکادا وێنادەکرێت، دراماکان نەیانتوانیوە کاراکتەری ژن بە تەواوی دەربخەن و نمایشی پێگەی راستەقینەی بکەن لە کۆمەڵگادا و ئیمەیجێکی ناتەواویان لە مێشکی خەڵکیدا بۆ ژن دروست نەکردووە.

## راسپاردەکان

- سنوردارکردن و فلتەرکردنی دراما هاوردەکان ئەوانەی کە دەبنەهۆی دروستکردنی وێنایەکی لاوازی ژن و تێکدانی کۆمەلگەی کوردی.
- میدیاکان زیاتر لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بن بەرامبەر بە جەماوەر لە پەخشکردنی فیلم و درامادا.
- پێویستە پسپۆرانی بواری میدیا و ئەکادیمیەکان بابەتی ئەکادیمی تائبەی بە سۆسیۆلۆژیای میدیا زیاتر بنوسن و بێدەنگ نەبن لەسەر داکۆکیکردن لە خستنەرووی ژن وەک مرۆڤێکی ئاسایی خاوەن بیروهۆش.
- پێویستە ژنان خۆیان بەشداری لە درامایەکدا نەکەن کە لاوازوێنایان دەکات هەروەها نمایشکردن لەسەر پێوەری جەستە رەتبکەنەوە .

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان


- Christians, C.G., 2009. Normative theories of the media: Journalism in democratic societies (Vol. 127). University of Illinois Press.
- Hassanpour, A., 1996. The creation of Kurdish media culture. Kurdish Culture and Identity, 48-84.
- McCombs, M.E., and Shaw, D.L., 1972. The agenda-setting function of mass media. Public Opinion Quarterly, 36 (2), 176-187.
- McQuail, D., 2010. McQuail's mass communication theory. Sage publications.
- Meikle, G., & Young, S. (2011). Media convergence: Networked digital media in everyday life. Macmillan International Higher Education.
- Mullen, A., and Klaehn, J., 2010. The Herman–Chomsky propaganda model: A critical approach to analysing mass media behaviour. Sociology Compass, 4 (4), 215-229.
- Selma Lagerlof | Swedish author Encyclopædia Britannica. Retrieved 8 March 2016. https://www.britannica.com/biography/Selma-Lagerlof

سەرچاوە عەرەبیەکان


- ❖ إبراهيم، داليا عثمان (٢٠١٤). صورة العلاقات الزوجية فى المسلسلات التليفزيونية المصرية والتركية. كلية الإعلام، جامعة القاهرة.
- ❖ الغزالي، إسراء عاطف إبراهيم (٢٠١٨). صورة المرأة العاملة كما تعكسها الأفلام والمسلسلات المصرية علي القنوات الدرامية وعلاقتها باتجاهات المرأة نحو العمل. كلية الاداب جامعة بنها دراسة مقدمة للحصول علي درجة الدكتوراه في الإعلام.
- ❖ الشميمري، فهد بن عبد الرحمن(٢٠١٠). تربية الإعلامية كيف نتعامل مع الإعلام.
- ❖ العرادة، علي دوشي(٢٠١٣). مكانة المراة وصورتها في المسلسلات الكويتية مسلسل زوارة خميس .نموذج دراسة تحليلية – نوعية. كلية الإعلام جامعة الشرق الأوسط.
- ❖ جابر، نجلاء محمد (٢٠١٥). دراسة تحليلية في الإعلام الجماهيري. عمان، الأردن دار العتز للنشر والتوزيع.
- ❖ حبيب، زينب منصور(٢٠١١). الإعلام وقضايا المرأة. عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.
- ❖ خضور، أديب (١٩٩٧). صورة المرأة في الإعلام العربي.
- ❖ رمزي، ناهد(٢٠١١). المرأة والإعلام في عالم متغير. الدار المصرية اللبنانية.
- ❖ سميسم، حميدة (٢٠٠٩). بنية الصورة وسياسة الاتصال: دراسة في إشكالية البنية الاتصالية. جامعة بغداد.
- ❖ فلحي، محمد (٢٠٠٢). صناعة العقل في عصر الشاشة. عمان، دار العلمية ودار الثقافة للنشر والتوزيع.
- ❖ عمارة، محمد محمد (٢٠٠٨). دراما الجريمة التليفزيونية دراسة سوسيو-إعلامية . القاهرة، دار العلوم للنشر والتوزيع.،
- ❖ مراد، كامل خورشيد (٢٠١١). الاتصال الجماهيري والإعلام. عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- ❖ مراد، ماجدة (٢٠٠٤). شخصياتنا المعاصرة بين الواقع والدراما التلفزيونية. القاهرة ، عالم الكتب.
- ❖ مكاوي، حسن عماد (٢٠٠٩). الاتصال ونظرياته المعاصرة. الطبعة السابعة، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية للنشر.



❖ Abstract

❖ With the development of the media, women's participation has also increased, especially in cinema and drama. However, the role of women in the media has always been controversial by media professionals and academics. Accordingly, this paper is written to evaluate and analyse media content regarding women's role in the Kurdish television channels. The aim of this study is to investigate the role and scope of women in drama and their impact on society. This research questions about the role of women in the media and how the negative role of women affect women's personality. This research is conducted a survey form to see the public's opinion about the impact of the media on society. The result of the study confirmed that the media worked negatively to portray women in Kurdish society.